هەواڵ هەواڵ

هەڵواسینی وێنەی سەرۆک

ژن و مێردێک لەیەکتر جیادەکاتەوە

رۆژی ٥-١٠-٢٠٠٦ بەهۆی هەڵواسینی وێنەی سەرۆکی هەرێم لە نێو ماڵەکەیاندا لە ئۆردوگای باسرمەی دەڤەری هەریر کێشە لەنێوان وڵاتی (ع.ک) و (و.س)ی خێزانی دروست دەبێ. خێزانەکەی پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ مادام وێنەی سەرۆکی هەرێم هەڵدەواسرێ، دەبێ وێنەی سەرۆک کۆماریش هەڵبواسرێ، بەو هۆیەوە شەڕو ئاژاوە لەنێوان ئەو ژن و مێردە دروست دەبێ و ئاکام بە لە یەکتر جیابوونەوە کۆتایی دێ.

ژنێک دەسووتێ

رۆژی ٧-١٠-٢٠٠٦ ژنێکی دانیشتووی گوندی میراوەی قەزای شەقڵاوە بە ناوی (س) لە ئاکامی دەمەقاڵێ لەگەڵ کەسوکاری مێردەکەی، نەوت بەسەرخۆی دادەکات و ئاگر لەخۆی بەردەدا. خەڵکی گوندەکە بە هانایەوە دەچن و ئاگرەکە خامۆش دەکەنەوەو رەوانەی نەخۆشخانەی هەولێری دەکەن. بەگوێرەی گوتەی کەسوکاری ژنەکە، برینەکەی سەختەو ئەگەری مانەوەی دەگمەنە.

هاوکاری کۆنە مستەشارێک رادەگیرێ

دوای ئەوەی دەردەکەوێ کە کۆنە مستەشارێکی دەڤەری پیرمام بە ناوی (ع.گ) هەوڵی داوە بەناوی هەوارە هەڵوەشاوەکانەوە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە خۆی ناونووس بکاتەوە، مووچە بۆخۆی و پاسەوانانی دابین بکات، حزبی دەستەڵاتدار ئەو مووچەیەیان لێبڕی کە پێشتر بۆ خۆی و پاسەوانەکانی تەرخانیان کردبوو.

شیاوی باسە ئەو کۆنە مستەشارە ساڵی ١٩٩١ سوودی لە لێبووردنەکەی بەرەی کوردستانی وەرگرت و دوو ساڵ لە کوردستانی ئازاد مایەوە، بەڵام دواتر چوو بۆ موسڵ و تا روخانی بەعس هەر لەلای رژێم مایەوە. ساڵی ٢٠٠٣ کاتێ بەعس روخێنرا، ئەویش گەڕایەوە ناوچەکەو لەلایەن حزبی دەستەڵاتدارەوە رێزی لێگیراو وەک کەسایەتی کۆمەڵایەتی پێوانەی بۆ کراو پیاوماقولانەی بۆ بڕایەوە.

دوو جوتیاری گوندی شەوەک یەکتر بریندار دەکەن

رۆژی ٨-١٠-٢٠٠٦ دوو خێزانی گوندی شەوەک لەسەر کێشەی زەوی و زار بەشەڕدێن، لە ئاکامدا دوو کەس بەناوەکانی (ج. س) و (ئا. ع) بریندار دەبن.

شیاوی باسە سەرچاوەی ئەو کێشەیە بۆ بەرزبوونەوەو دابەزینی نرخی زەوی ناوچەکە دەگەڕێتەوە. بەرپرسانی حزبی و حکومی جاران بە پارەیەکی زۆر زەوییان لەو ناوچەیە کە دەکەوێتە نێوان هەولێر – پیرمام دەکڕی، ڤیلاو باخیان لێ دروست دەکرد. نرخی یەک دۆنم زەوی لەو ناوچەیە گەیشتبووە ١٢ هەزار دۆلار، بەڵام لە دوای دەنگۆی دەست بەسەرداگرتنی ئەو باخ و ڤیلایانە نرخی زەوی نزم بۆتەوە، بەمەش کێشەو ناکۆکی لەنێوان خاوەن زەویەکان دروست دەبێ.

کۆمەڵەی شمشارە رادەگەیەندرێ

رۆژی ١٣-١٠-٢٠٠٦ لە شاری رانیە کۆمەڵێک رۆشنبیر کۆنفرانسێکیان پێکهێناو کۆمەڵەی شمشارەیان راگەیاند. راگەیاندنی ئەو کۆمەڵەیە بە مەبەستی کۆکردنەوەی دۆکۆمێنت و بەڵگەنامەکانە لەسەر شوێنەواری مێژوویی شمشارە کە دەکەوێتە دەڤەری رانیە، کۆمەڵەی شمشارە دەخوازێ مۆزەخانەیەک بۆ پاراستنی کەل و پەلە مێژووییەکانی شوێنەواری شمشارە دروست بکرێت.

شیاوی باسە دەستەی دامەزرێنەری کۆمەڵەی شمشارە لە ٩ رۆشنبیری دەڤەری رانیە پێکهاتووە، کە(نیازی حەمە عەزیز، مامۆستا خەلیل، محەمەد حوسێن، رەسول محەمەد، کاوە بچکۆل و چەندین رۆشنبیری دیکەی تێدایە).

کچێکی رفێندراو دوای ٢٤ کاتژمێر دەدۆزرێتەوە

هەواڵەکان: رۆژی ١٠-١٠-٢٠٠٦ وا بڵاوبۆوە کە فێرخوازێکی تەمەن ١١ ساڵ، دانیشتووی دەڤەری سۆران لەلایەن شۆفێرێکی نەناسراوەو، رفێندراوە. ئەو خوێندکارە ناوی (ئا) یەو لە پۆلی پێنجەمی سەرەتایی دەخوێنێ.

رۆژی ١١-١٠-٢٠٠٦ کچە رفێندراوەکە دوای ٢٤ کاتژمێر لە رەوشێکی پەشێودا دۆزرایەوە، بە گوتەی نزیکانی دەستدرێژی سێکسی کراوەتەسەر. تا ئامادەکردنی ئەم هەواڵە هیچ کەسێک لە پێوەندی ئەو تاوانەدا دەستگیرنەکراوە.

باوکی خۆی بریندار دەکات

رۆژی ٢-١٠-٢٠٠٦ کەسێکی تەمەن ٢٧ ساڵ بەناوی (ز.ج) دانیشتووی ناحیەی سەروچاوە تەقە لە باوکی خۆی دەکات و بریندار دەکات. سەرچاوەی کێشەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە باوکەکە لەبەرچاوی خەڵک جنێوی بە کوڕەکەی داوەو و فەرمانی پێکردووە کە بچێت لەگەڵ خەڵکی گەڕەک کرێکاری بکات و ئاوڕومەندانە رۆژانەی خۆی وەربگرێ، کوڕەکە ئەمە بە سوکایەتی لێکدەداتەوەو هەست بە دڵ شکان و رەنجان دەکات. سەرەنجام بەمەبەستی تۆڵەکردنەوە تەقە لە باوکی دەکات و بریندار دەکات.

ژنە گەنجەکان مێردە پیرەکانیان جیدەهێڵن

دیاردەی شووکردن بە پیاوی پیری دەوڵەمەند ئاکامی خراپی لێکەوتۆتەوە. رۆژی ٢-١٠-٢٠٠٦ ژنێکی گوندی دەڵاڵانی دەڤەری رانیە مێردە تەمەن ٧٠ ساڵیەکەی جێدەهێڵێ، هەرچی پارەو پول و زێڕ دەبێ لەگەڵ خۆیدا دەیبات. ژنەکە هۆکاری رۆیشتنی بۆ کەمتوانایی مێردەکەی و بورانەوەی بەردەوامی دەگێڕێتەوە. بەمەش کێشەیەکی گەورە لە نێوان کەس و کاری هەردوولا دروست بووە.

شیاوی باسە لە روداوێکی هاوشێوەدا ژنێکی ئۆردوگای (ش) مێردە تەمەن ٦٨ ساڵەکەی خۆی بەجێهێشت لە کاتێکدا تەنیا چەند رۆژێک بەسەر شووکردنی تێپەڕ ببوو.

کۆمەڵەی گەلانی هەڕەشەلێکراو رەسمیەت بە لقی باشووری کوردستان دەدات

رۆژی ٧-١٠-٢٠٠٦ لە شاری گۆتنگنی وڵاتی ئەڵمانیا کۆبوونەوەی گشتی نێونەتەوەیی کۆمەڵەی گەلانی هەڕەشەلێکراو پێکهات. لەو کۆبوونەوەیەدا نوێنەرانی لقەکانی نەمسا، ئیتالیا، سویسرا، لۆکسەمبۆرگ و بۆسنیا ئامادەببوون. لەو کۆبوونەوەیەدا بە شێوەیەکی فەرمی لقی باشووری کوردستان (کوردستانی عێراق) رەوایەتی پێدرا، لەبەرئەوەی نوێنەرانی باشووری کوردستان نەیانتوانی بوو لە کۆبوونەوەکەدا ئامادەبن، دکتۆر کەمال سیدۆ بەرپرسی رۆژهەڵاتی ناڤینی کۆمەڵەی گەلانی هەڕەشەلێکراو نوێنەرایەتی لقی باشووری کوردستانی کرد.

شیاوی باسە لە مانگی حوزەیرانی ٢٠٠٦ لە شاری هەولێر لقی کۆمەڵەی گەلانی هەڕەشەلێکراو دامەزرابوو. رۆژی ٩-١٠-٢٠٠٦ (تیلمان زولێچ) سەرۆکی کۆمەڵەی گەلانی هەڕەشەلێکراو لە راگەیەندراوێکیدا ئاکامی ئەو کۆبوونەوەیەی بە رۆژنامەوانان راگەیاند.

کۆمەڵەو رێکخراوی زیندانییە سیاسییەکان رەخنە لە دەستوور دەگرن

سەرچاوەیەکی نزیک لە کۆمەڵەی زیندانیە سیاسییەکان بە رۆژی گەلی راگەیاند کە کۆمەڵەی زیندانییە سیاسییەکان و رێکخراوی زیندانییە سیاسییەکان تیبینییان لەسەر پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان هەیە، چونکە ئاماژەیەکی راشکاوانەی بە مافی زیندانییە سیاسییەکان نەداوە. بەو هۆیەوە یاداشتێکی هاوبەشیان بۆ پارلەمانی کوردستان بەرزکردۆتەوەو داوایان کردووە کە چاو بە پرۆژەکە بخشێندرێتەوە مافی ئەوانیشی تێدا جێبکرێتەوە.

سەرچاوەکە دووپاتی کردەوە ئەگەر بێتوو پارلەمان تێبینی و سەرنجەکانی ئەوان لەبەرچاو نەگرێ، ئەوان ناچاردەبن بە شێوازی دیکە.

فەرمانبەرانی پەروەردەی چۆمان داوا دەکەن بۆ مامۆستایەتی بگێڕدرێنەوە

رۆژی٤-١٠-٢٠٠٦ ژمارەیەک فەرمانبەری پەروەدەی چۆمان یاداشتێکیان پێشکەش بە سەرووی خۆیان کرد و لێیان خواستن کە بۆ مامۆستایەتی بیانگێڕنەوەو رەوانەی ئەو فێرگانە بکرێنەوە کە پێشتر لەوێ مامۆستایەتیان کردووە. هۆکاری ئەو یاداشتە دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی دەرماڵە، لە کاتێکدا ١٢٥ هەزار دینار وەکو دەرماڵە بۆ مامۆستایان تەرخان کراوە، بەڵام ئەو زیادکردنە فەرمانبەرانی پەروەردەی نەگرتۆتەوە، بەمەش ناڕەزایی لە نێوان فەرمانبەران دروست بووەو هەست بە مەغدوری دەکەن.

دیاربەکر: لە شەش مانگدا ٣١٤ منداڵ دەمرن

بە گوێرەی راگەیاندنی سەندیکای کارمەندانی تەندروستی، لە ماوەی شەش مانگی رابردوودا لە نەخۆشخانەی منداڵانی دیاربەکردا ٣١٤ منداڵ مردوون.

ساڵیحە ئایدەنیز سەرۆکی سەندیکا دیاریکردووە لە ماوەی شەش مانگی رابردوو ١٦٤٢ منداڵ لە نەخۆشخانەکاندا دەرمانکراون کە ٣١٤ دەیان لێ مردوون.

ساڵیحە ئایدەنیز نیگەرانی خۆی بۆ کەمی دکتۆر و یاوەری پزیشکان لە نەخۆشخانەی منداڵاندا دەربڕیوەو گتویەتی ئەو نەخۆشخانەیە لەبەر کەمی پزیشک و یاوەرە پزیشکەکان ناتوانێ وەکو پێویست بە نەخۆشان رابگات. ئەو دیاری کردووە کە ١٨٧٦٥١ منداڵ سەریان لە نەخۆشخانە داوە، ١٦٤٢ کەسیان دەرمان کراون و ٣١٤ کەس لەوان گیانیان لە دەست داوە.

لەبەر بێ خزمەتکاری گوندەکان بەرەو چۆلبوون دەڕۆن

ماوەی ١٥ ساڵە هەوڵی ئاوەدانکردنەوەی گوندە خاپورکراوەکانی باشووری کوردستان لە رۆژهۆڵ دایە. حکومەتی هەرێمی کوردستان و لایەنە پەیوەندیدارەکان باس لە هاوکاری خەڵک بۆ ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانیان دەکەن، بەڵام تائێستا هەنگاوی بەوەجی بۆ هەڵنەهێنراوەتەوە. تەنانەت زۆربەی ئەو گوندانەی کە بە هیممەتی خەڵکەکەی ئاوەدانکراونەتەوە، لەبەر نەبوونی خزمەتگوزاری خەریکە کە چۆڵدەکرێنەوە. گوندەکانی (ئەحمەدئاوا، سپیاو، رەزی بایە، هۆمەرو کونە وشک) ی سەر بە ناحیەی گەرمک چۆلکراون، گوندەکانی، شیخەدێ گێزان بەرەو چۆلکردن دەڕۆن. تەنانەت گوندەکانی دەشتی گەرمیان و دەشتی هەولێریش لەبەر کەمی خەڵک فێرگەیان تێدا ناکرێتەوە، ئەمساڵ لەبەر کەمی فێرخواز ژمارەیەک فێرگەی گوندەکانی دەشتی گەرمیان داخراون.

شیاوی باسە ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان کاریگەری ئەرێنی لەسەر کەمکردنەوەی قەیرانی نیشتەجێ بوون دادەنێ، بەڵام ئەگەر گوندنشینەکان لەبەر کەمی خزمەتگوزاری گوندەکانیان جێبهێڵن و بەرەو شارەکان بگەڕێنەوە ئەوە قەیرانی نیشتەجێبوون قوڵتر دەبێتەوە.

مەکتەبی سیاسی پێشوازی لە شاندێکی پارتی چەپ دەکات

کاتژمێر ١٠ی رۆژی ١٣-١٠-٢٠٠٦، شاندێکی پارتی چەپی کوردستان کە لە بەڕێزان (محەمەد پشدەری) بەرپرسی یەکەمی پارتی چەپ و (رزگار تایەر، هاوڕێ سەلاح و هیوا رەش) ئەندامانی ناوەندی کارگێڕی، پێکهاتبوو، سەردانی بارەگای مەکتەبی سیاسی حزبمان، حزبی رزگاریی کوردستانی کرد، کە بەگەرمییەوە لە لایەن ئەندامانی سەرکردایەتییەوە پێشوازییان لێکرا. دواتر لە دیدارێکی دۆستانەدا کە سکرتێری حزب و ژمارەیەک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی ئامادەبوون، باس لە رەوشی ئێستای کوردستان و ناوچەکە کرا. هەردوولا جەختیان لەسەر قۆڵکردنەوەی پێوەندی نێوان لایەنە سیاسییەکان، بەتایبەتی پێوەندی نێوان پارتی چەپ و حزبی رزگاری کردەوە.

ئەوەی شیاوی باسە سەبارەت بە زۆربەی پرسە هەنووکەییەکان هاوڕامانی لە نێوان هەردوولایەن بەدی دەکرا، ئەمەش بۆ سەرەتای پێوەندی گرنگ دەنرخێنرێ.

هەواڵی سەیر

* دوای گەڕانەوەی ئاوارەکانی کەرکوک، دەرفەتێکی باش بۆ کۆمەڵێک خەڵکی مشەخۆرو نامەسئول هەڵکەوت ، هەرچی زەوی بەتاڵی ناوشارەکە هەبوو دەستی بەسەر داگیرا ،دووکان و خانوویان لەسەر دروست کرا، بەمەش جێگە بۆ نەخۆشخانەو فێرگە و باخچەی ساوایان نەمایەوە.

* ئەمساڵ فێرگەیەک بۆ گەڕەکی رەحیم ئاوا دەرچوو کەچی جێگە نەبوو تێیدا دروستی بکەن، بەناچاری بردیان بۆ (دارەمان) لەسەر رێگەی هەولێر. خەڵکەکە بە گاڵتەوە دەیانگوت : سوپاس بۆ پارێزگار کە فێرگەکەی نە بردە رێگەی بەغداد!

* بەڕێوەبەری فێرگەی (س) دوای ساڵێک و پێنج مانگ ئینجا بڕوانامەی فێرخوازێکی بۆ ئەو قوتابخانەیەی کە ساڵی پار لێوەی هاتبوو، گێڕاوەتەوە کە گوایە ژمارەی بۆ دانەنراوە. باشە ئەو فێرخوازە چۆن وەرگیراو چۆن لەو پۆلە دەوامی کرد و چۆن لە تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵیش بەشداری کردبوو ؟

* شارەوانی چەمچەماڵ دووسێ هەزار ناوی فەرمانبەرو مامۆستای هەڵواسیوە گوایە ئەمانە بە پێی خاڵەکانیان زەوییان بۆ دیاری کراوە. خەڵکی وای تیایە (٥ خاڵی) هەیە ناوی دەرچووە، هەشە زۆر زۆر لەوەزیاترەو ناوی نەهاتۆتەوە، یان خاڵێکی زۆری هەیەو بۆی کەم کراوەتەوە. ئەگەر ئەو لیستانە راست بن، کرێچی لەو شارە نامێنێ، وەلێ رەنگە ئەمانەش هەروەکو لیستی مامۆستاکان وپاشماوەی ئەنفالەکان بن کە هەر پێیان دەڵێن: زەویەکانتان لەو لایەوەیە.

* ناحیەی باجوان دەکەوێتە نزیک کۆمپانیای نەوتی کەرکوک، لەسەر رێگەی (دووبز)، عەرەب نشینەو تیرۆریستێکی زۆریان تیایە، تەنانەت یەکێک لە شێخە عەرەبەکان فەرمانی گرتنی هەیە. گوندی (شۆراو)یش کە نزیک ئەو ناحیەیە هین کوردەو خەریکن ئاوەدانی دەکەنەوە، ئەمریکییەکان بە کوردەکانیان گوتووە: هەر کەسێکتان بینی لەم ناوە بیکوژن و قونبەلەیەک لە تەنیشتییەوە دابنێن و بەم ژمارەیە تەلەفۆنمان بۆ بکەن و بڵێن تیرۆریستێکمان کوشتووە ئێمە دەگەینەلاتان

* لە کاتی (منع التجول)ەکەی کەرکوک بەرپرسێک لە ناحیەی (لەیلان) گوتبووی: ئەرێ برادەران چۆنە ئێمەش (منع التجول)یک رابگەیەنین و ناحیەکە تەفتیش بکەین، ئەو برادەرە خانەنشینە کە ئێستا لەوێ بەرپرسەو وادەزانێ ئەم شتانە بەدەست خۆمانەو هەرچی بمانەوێ وەکو جاران بیکەین نازانێ بەبێ پرسی ئەمریکییەکان ناتوانین رێگە لە منداڵەکانی خۆمانیش بگرین. باش بوو هاوڕێکانی ئەمەیان تێگەیاندبوو پەشیمانیان کردەوە.

* لەپەروەردەی چەمچەماڵ بانێکەو دوو هەوا لەدابەشکردنی کەرەسەو کەل و پەل بەسەر قوتابخانەو خوێندنگەکان، فێرگەی واهەیە جێگەی نییە کەرەسەی تیا بکات، کەچی هەربۆی دەنێرن، هەشە رۆژانە بۆلەبۆلێتی و کەس گوێی لێناگرێ، لەوە سەیرتر فێرگە نوێیەکان کە ئەم ساڵ کراونەتەوەو هێشتا دەرزییەکیان نییە، پێیان دەوترێ : بگەڕێن لە قوتابخانەکان شت پەیدا بکەن و لەسەر حیسابی خۆتان بیگوێزنەوە، لەم لاشەوە دەبینی بەشی دوو قوتابخانە دانراوەو بەوانی نادەن.

* بەرپرسێک لە کەرکوکەوە بۆ قەزای (دووزخورماتوو) گوێزراوەتەوە،دوای جێنشتەجێبوون هەردوو برا و هەندێ خزم و کەسی بۆ ئەو شارە گوازتۆتەوە، تەنانەت خەریکە هێواش هێواش بەهۆی خۆیەوە پلەی بەرزی حزبیش وەردەگرن.

* گەڕەکی پیشەسازی کەرکوک خەریکە چۆڵی دەکات، بە حوکمی ئەوەی گەڕەکی پیشەسازی کەرکوک کەوتۆتە باشووری شارەکەوە لەسەر چوارڕیانی (بەغدا – موسڵ – حەویجە- دوبز)ەو عەرەبی زۆر تیایە بەتایبەت عەرەبەکانی ناحیەی رەشاد، رۆژانە کاری تیرۆریستی و خەڵک رفاندنی تیا روو دەدات، لەبەرئەوە خەڵکی ناوێرن بڕۆن بۆ ئەوێ، وەستا کارەکان بە ناچاری هاتوون لە ناو شار دوکانیان کردۆتەوە، ئێستا گەڕەک نییە لەو شارە دوکانی فیتەری و ئاسەنگەری و رۆنگۆڕو پەنچەرچی و تەنەکەچی تیانەبێ،ئەوان دەزانن کە ئەمە کارێکی نایاساییەو سیمای شارەکەش ناشیرین دەکاو ئارامی خەڵکیش تێک دەدا، بەڵام کە حکومەت پێی چارەسەر نەکرێ ئەوان چی بکەن!!